# یەکی شوبات ..

# هەزار و چوار سەد ساڵە ئەنفال لە کوردستاندا بەردەوامە

**نەوزاد وەلی**

هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوبەر بە نوکی ڕم و شمشێر ئەکەوتنە گیانی گەلی کورد و ئەیانویست بمانخەنە سەر ئایینی خۆیان و بمانکەن بە عەرەب و فێری کلتور و دابونەریتی ئەوان ببین!

ئیمپراتۆرییە ئیسلامییەکانی ئەمەوی و عەباسیی عەرەب ، عوسمانیی تورك ، قاجاریی و سەفەویی و پەهلەویی فارسیش ، سەدان ساڵ هەر بەو جۆرە بەردەوام بوون لە ئەنفالکردنی کورد و کوردستاندا.

لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییدا ، ئامراز و ئامێری کوشتنەکانیان پەرەپێدا و بە فڕۆکە و تانك و زرێپۆش و تۆپ و کلاشینکۆف و ژێسێ کەوتنە گیانی گەلی کورد.

لەسەردەمی تێکنۆلۆجیا و سەدەی بیستەمدا بە کیمیا و مۆڵیکیولە ژەهراوییەکان و بڵاوکردنەوەی بەکتێریای تایفۆس و کۆلێرا و سەدان جۆری تر لە کانیاوەکانی کوردستاندا ، یەك بە یەکی ئایەتەکانی (**ئەنفال**) یان بەسەر کورد و کوردستاندا پەیڕەوئەکرد.

ئەمانە هیچیان چۆکیان بە گەلی کورد دانەدا و تۆزقاڵێك لایان نەدا لە ڕێی خەبات و تێکۆشان لەپێناوی ئاوات و ئامانجە مرۆڤایەتییە ڕەواکانیدا.

دوژمنانی کورد و کوردستان ئەمڕۆ و لە سەردەمی گڵۆڵەدا ، هیچ چەکێکی تر نەماوە لە کورد و کوردستاندا تاقیبکەنەوە و چاویان بە ئازادیی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان هەڵنایەت و ئەوە بە مردنی خۆیان ئەزانن! بۆیە لایان وایە کە جگە لە خۆتەقاندنەوە و کوشتنی گەورە و بچوك ، منالّ و پیر ، ئافرەت و پیاوی کورد ، ئیتر هیچ چەك و ئایەتێکی تر نەماوە لە کورد و کوردستاندا تاقیبکەنەوە.

ئەگەر چی دوژمنان و داگیرکەرانی کورد بە دین ئیسلامن ، بەڵام ئەگەر لە تەورات و ئینجیلیشدا سورەت و ئایەتی وەك ئەنفال هەبووایە ، ئەوا درێغییان نەئەکرد لەوەی کە ئەوانەش بەسەر ئێمەدا پەیڕەوبکەن!

دوژمنانی کورد با ئەو ڕاستییە تاڵە باش بزانن کە ئەم سەردەمە سەردەمی ئازادیی گەلانە ، سەردەمی تێکنۆلۆجیای زانیاریی و گەشتی پلانێت و ئەستێرەکانە و سەردەمی چەوسانەوە و دواکەوتن و فیکر و زیکر و خورافیات بەسەرچوو. مرۆڤی ئەم سەردەمە عەوداڵی ئازادیی و ژیانی ئاسودەیی ، بەختیاریی و کامەرانییە و کوردیش هەر ئەوەی ئەوێت و ئەوانەی کە ئەمەی پێ ڕەوا نابینن ، ئەوا لەم سەردەمەدا لە سەری خۆ خواردن زیادتر هیچی تریان پێناکرێت!

دوژمنانی کورد با ئەو ڕاستییە تاڵە باش بزانن کە کاروانی شەهیدانی خەباتی کورد لەپێناوی مافە ڕەواکانیدا ، پڕە لە سەرکردە و ڕۆڵەی بە ئەمەك و قارەمان و هەموو ڕۆڵەیەکی کوردیش ئامادەیە ژیانی خۆی ببەخشێت لەپێناوی ئاوات و ئامانجە مرۆڤایەتییە ڕەواکانی گەلەکەیدا ، بۆیە خۆتەقاندنەوەی دڵڕەش و شەمشەمەکوێرەیەکی تاریکستانی هەزار ساڵە ، لەناو شایی و جەژن و کۆمەڵی منالاّندا ، یان لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەی سەرکردەکاندا ، نەك هەر کورد ناترسێنێت ، بەڵکوو زیادتر باوەڕی بە مافە ڕەواکانی پتەوئەکات و ڕیزەکانی یەکئەخات.

**نەمریی و سەربەرزیی**

**بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان و کارەساتە ئەنفالییەکەی یەکی شوبات**